ئەنوەر بازگر

# ڕۆڵی فەلسەفەکەی نیتشە لە جوڵانەوەی فێمێنزمدا

نیتشە و فمێنیزمی هاوچەرخ، دەیەوێت بگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئایا ئەوەی دەربارەی نیتشە سەبارەت بە سوکایەتی بە ژنان وتویەتی راستە...!

ئایا فەلسەفەکەی نیتشە تا کوێ دەتوانێ سودمەندبێت بۆ تیۆرو تێزی فیمێنیست؟ لە کاتێکدا کە فێمینستەکان پەیوەندیەکی جۆراوجۆریان لەگەڵ فەلسەفەکەی نیتشەدا هەیە، بەشێکیان پێیانوایە سودمەندەو بەشێکیشان قسە لەسەر زیانبەخشی ئەو فەلسەفەیە دەکەن.

نوسەر لەم کتێبەدا (نیتشە و فێمینیزمی هاوچەرخ) سەرەتا دەیەوێت باس لە جوڵانەوەی بزافی فیمێنیستی بکات وا پێناسەی دەکات" جوڵانەوەی فمێنیزم جوڵانەوەیەکە تیایدا لایەنگریی لەمافی ژن دەکرێ، ئەم جوڵانەوەیە خوازیاری ئەوەیە کە پێگەی راستەقینەو شایستەی ژنان بۆ ژنان بگەڕێندرێتەوە"

لەم بەشەدا قسە لەسەر چەوساندنەوەی ژنان کراوە لەلایەن پیاوانەوە لە بوارەکانی فێربوون و پەروەردە کە ڕێگا بەژنان نەدراوە بێنە، ناوبوارو لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری.

سەرەڕای ئەوەی ئاماژە بەوەش دەکات کە هەندێك لە پیاوان کە هەڵگری ئایدیایەکی یەکسانیخوازانەن ویستویانە ژنان بێنە مەیدانەوە و نەبنە پاشکۆی پیاوان.

بەڵام بەشێکی تر لە پیاوان بۆچونیان وایە کە ژنان تەنها کۆمەڵێ پەیکەرو لاشەن بۆ تێرکردنی ئارەزو وخواستە سێکسیەکان.

نوسەر لەم بەشەی کتێبەدا، پێوایە کە هەندێك لەپیاوان باوەڕیان وایە کە ئەوە خودی ژنان بە شێوەیەکی مێژوویی وایان هەڵبژاردوە، کە لەدەرەوەی ماڵەوە چالاکیان نەبێت، خۆیان لەمەیدانەکانی کارو دەسەڵات بەدوور گرتووە.

بەڵام نوسەر پێیوایە، ئامانجی جوڵانەوەی فیمێنیزم ئەوەیە کە ئەو بۆچونانە بگۆڕێ کە بە نزم و ژێر دەستە لەژن دەڕوانێ، جوڵانەوەکە بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت کە ژنان پێناسەی خۆیان بکەن و بەها تایبەتیەکانی خۆیان فۆرمەڵە بکەن و لە مەیدانە سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستی و ڕۆشنبیریەکاندا دەنگی خۆیان بە گوێی کەسانی تردا بدەن و کۆمەڵگەیەك دروستبێ کە ژنیش وەکو پیاو ڕێزو بەهاداری خۆی هەبێ وەکو مرۆڤ شایانی ڕێزو بەهابێت لەمبارەیەوە نوسەر پێش ئەوەی بێتە سەر پەیوەندی گرنگی نیتشە بە فەلسەفەی فێمنیزمەوە دەیەوێت قسە لەسەر ئەم جوڵانەوە فعالەی ژنان بکات، کە لەسەرتاسەری دونیادا بەفەلسەفە دیفاع لەمافی ژنان و بەدەستهێنانی بەرانبەری ناسراوە، من دەمەوێت پێش چونە سەر باسی مێژووی جوڵانەوەی فیمێنیزم، جەخت لەسەر خودی ناوەڕۆکی ئەم کتێبەی (نوشین شاهیندە) بکەمەوە لەسەر نیتشە.

ئەوەشی بە تازەترین کتێب لەسەر ژیانی نیتشە بەناوی "کاتێ نیتشە گریا" کەلەلایان ئیرڤین دی یالوم "نوسراوە و لەو کتێبەدا دیالۆگێکی بەرفراوان لەنێوان (یۆزیف برۆیرو لۆسالۆمی)دا هەیە.

کاتێك لۆسامی- خۆشەویستی بێ ئاکامی نیتشە - کەگوایا سەرچاوەی شێتی و خۆکوشتنی نیتشەیەو گوایە هۆکارهی سەرەکی دیدوتێڕوانینە خراپەکانی نیتشە، سەبارەت بەژنان- دەگاتە ئەو قەناعەتەی کەنیتشە تەندروستی زۆر خراپە، بۆیە دەیەوێت یارمەتی بدات و پەنا دەباتە بەر دکتۆر برۆیر، تا بەڵکو فریای نیتشە بکەوێت.

بۆیە لەنامەیەکدا بۆ برۆیر، لۆسالۆمی دەڵێ"دکتۆر بوێر، دەبێ لەمەڕ بابەتێکی گرنگەوە لەگەڵتاندا بدوێم.

ئایندەی فەلسەفەی ئەڵمانی لەمەترسیدایە، سبەی کاتژمێر نۆ لە کافێی سۆرنیتۆ چاوڕوانتانم" ٢١ ئۆکتۆبەری ١٨٨٢ لۆسالۆمی"

مەبەستە بڵێم لەم کتێبەدا هەرگیز ئەوە بەدی ناکرێت، ئەوەی کە گوایە نیتشە بۆچونەکانی سەبارەت بەژنان بەهۆی لۆسالۆمیەوە بوە.

راستە نیشتە و پاولرێ. هەردووکیان پەیوەندیەکی روحیان بە لۆسالۆمیەوە هەبوە، بەڵام لەم کتێبە گرنگەدا "کاتێ نیتشە گریا" هەرگیز باس لەو فاکتەرە ناکرێت کە لۆسالۆمی ڕۆڵێکی وا نێگەتیڤی گێڕا بێت.

بۆیە دەکرێت بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە فیکرو دیدی نیتشە سەبارەت بە ژنان و خودی لۆسالۆمی خوێنەر بگەڕێتەوە سەر ئەم کتێبە نوێیە.

بەڵام نوشین شاهندە لە پەرەگرافێکی تردا دەیەوێت باس لە مێژووی جوڵانەوەی فیمێنیزم بکات و ئەو پێیوایە مێژووی ئەم بزوتنەوەیە دەکرێتە سێ قۆناغ:

یەکەم؛ فمێنیزمی شەپۆلی یەکەم لە (١٨٤٥-١٩٤٥) بەردەوام بوو واتا سەد ساڵی خایاند.

دووەم؛ شەپۆلی دوومی فێمێنزم لەساڵی (١٩٤٥-١٩٩٠) بەردوامبوە.

سێیەم؛ شەپۆلی سێیەمی فێمینزم لەساڵی (١٩٩٠-٢٠٠٦) بەردەوامە

ئەو پێوایە ریشەکانی شەپۆلی یەکەم هی سەردەمی شۆڕشی پیشەسازییە، کە بواری بۆ ژنان رەخساند جەخت لەسەر یەکسانی کۆمەڵایەتی بکەنەوە داوای مافی یەکسانی بکەن لەگەڵ پیاواندا، واتا شەپۆلی یەکەم لایەنی (ماف) بەسەریدا زاڵبوو، بەڵام شەپۆلی دووم خوازیاری گۆڕانی بونیادە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفیەکانی کۆمەڵگایە، واتا ئەم شەپۆلە بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەو پایانە دەکات کەلە لایەن پیاوانەوە بونیادنراوان

هەرچی شەپۆلی سێیەمە، دەیەوێت مەیلی هاوڕەگەزخوازانە نیشاندات واتا مەیلی سێکسی ژن لەگەڵ ژن، تا ئەوە نیشباندەن ژنان لەم حاڵەتەدا، لە حاڵەتی سێکسدا پێویستیان بە پیاوان نییە.

دەبێ بوترێت لێرەدا نوسەر زۆر بە وردی قۆناغەکانی ئەم سێ شەپۆلە باسدەکات و هەرکامیان دەورو نەقشی زۆر جدیان هەیە لەسەر جوڵانەوەی فیمێنستی و بەدیهێنانی مافەکانی ژنان و جیا لەوەش هەرکام لەم شەپۆلانە خاوەن تیۆرو ئایدیەکی تایبەتن بۆ دیفاع لە ماف و ئازادییەکانی ژنان هەر کام لەم شەپۆلانە لەگەڵ شەپۆلی پێش خۆی هەنگاوی جدیتری ناوەو ئەوانی پێش خۆی تێپەڕاندوە، تا دەگاتە گەیشتن بەو مەیلە سێکسیەی کە پێ دەوترێت




هۆمۆسێکسال و ئەمەشی بۆ ژنان حەڵاڵکردوە، چ لە رووی تیۆری و چ لە رووی پراکتیکیەوە.

تەناتەت هەر ئەو تیۆرو شەپۆلە جوڵانەوەی فیمێنیستەیە کەوادەکات ژنان لەمافی دەنگدان بەهرەمەندبن لەبواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا هەنگاوی جدی بنێن.

نوسەر لەبەشێکی نوسینەکەیدا" ڕۆڵی (ڤێرجینا وۆڵف) لەساڵی (١٩١٩)دا بەرز دەنرخێنێت سەبارەت بە بناغەی رەخنەی فیمێنمیستی وۆڵف، لەوتارێکیدا بەناوی (ژوری تاکە کەسێك، بوو کەباسی لەکێشەکانی ژنانی نوسەر دەکرد باسی لەوە دەکرد کەپیاوان وەکو بونەوەری بچووك و نزم رەفتاریان لەگەڵ ژنان کردوە دەیکەن، بەڵام بایەخی ئەو بزوتنەوەو شەپۆلی فیمێنیستی‌یە لەسەردەستی (سیمۆن دووبۆڤوار)کەلەساڵی ١٩٤٩لە کتێبی (رەگەزی دووم) بڵاویکردەوە.

ئەم نوسینەی سیمۆن دوۆبڤوار) کە لەسەدەی بیستدا بایەخێکی گرنگی هەبوو رایگەیاند" کە کۆمەڵگای خۆرئاوا کۆمەڵگەی پاتر یارکین"

دوبڤوار لەمبارەیەوە باوەڕی وایە، دەبێ ژن ئابلۆقەکانی کۆمەڵگەی پاتریارکی بشکێنێ.

لەبەشێکی تری کتێبەکەی نوشین شاهندەدا، باس لە رەخنەی فیمێنیستی دەکات و لەمبارەیەوە بۆچونی نێگەتیڤی چەند فەیلەسوف دژی ژن دەخاتەروو و لەمبارەیەوە (ئەرستۆ)" پێوایە لەو شوێنەی کە سروشت ناتوانێ پیاو بخوڵقنێت، ژن دەخوڵقێنێ و تەنانەت ئەرستۆ ژنانی لەریزی کۆیلەکاندا داناوە.

(تۆماس ئەکویناس)"باوەڕی وابوە، کەژن پیاوێکی نا تەواوەو پیاوی بەخودا دەزانی و ژنیش بەمادده.

(فرۆید)یش" بۆچونێکی نێگەتیڤی هەیە و پێوایە ژن، ژنە، چونکە ئەندامی نێرینەی پیاوی نییە و پێوایە لەم دنیایەدا هیچ ژنێك وجودی نییە" جگە لەوانە (ئەفلاتون) باشترین رەئی هەیە لەچاو ئەوان و لەو "بارەیەوە رێگایداوە ژن بچێتە ناو کۆمارەکەیەوە"

مەبەست لەم نمونەی سەرەوە بەسوك سەیرکردنی ژن نییە، ئەوەندەی نوسەر مەبەستیەتی ماهیەتی پیاو وتێروانینی بەتایبەتی فەیلەسوفەکان بزانرێت سەبارەت بەژنان و بۆ ئەمەبەستەش فێمنسیتەکان هەستیانکرد کەپیاوان تەنها بەمانای مرۆڤ بون پێناسەی ژن دەکەن، نەك وەکو ژن بون، بەڵام ئەم بزوتنەوە فێسمنیتانە نەك تەنها سیفاتە بایۆلۆژیەکانی ژنیان بە مایەی نزمی ژن نازانن، بەڵکو ئەو سیفەتەسروشتی و بایۆلۆژیانەی ژن بەسەرچاوەی بەرزی و گەورەیی ژن دەزانن.

سەبارەت بە ژنبوونی ژنان خۆیان لە ئەوان جگە لەهۆکارە بایۆلۆژیەکان وەکو سکپڕی و بێ نوێژی و منالبون سۆزو عاتیفەش دەخەنە پەڵیان و ژنان پشت بە ئەزمونی خۆیان دەبەستن سەبارەت بە بونی زمان و قسەی خۆیان، ژنان لەمبارەیەوە ڕێگای تایبەت بەخۆیان هەیە، ئەمە سەرەڕای بواری دەرونشیکاری بەپشت بەستن بە تیۆرەکانی، لاتان، فرۆیدو جولیاکریستیڤیا"

سەرەڕای رەخنەی پێنجەمی فێمنیستەکان کە رەهەندێکی کۆمەڵایەتی هەیەو لەمبارەیەوە ڤێرجینا وۆڵف پێشەنگ ئەم باسەیە نوشین شاهنیدە لە یەکێکی تر لە بەشەکانی کتێبەکەی میتۆدۆلۆژی فێمینستە، ئەو پێیوایە ژنان بۆ بەرپەچدانەوەی پیاوان چەند میتۆدی جیاواز بەکاردەهێنن و لەهەمانکاتدا ناتوانرێ ژنان وەکو (فریشتە یان شەیتان، پاکیزە یان سۆزانی) وەسفبکرێن، بەڵکو میتۆدۆلۆژی فمێنیستی دەیەوێت ئەو مامڵە خراپانەی پیاوان بەرامبەر ژنان رابگرێت و نوسەر پێوایە ئەو میتۆدۆلۆژیانە پێکدێن لە بوارەکانی (بایۆلۆجیا، زمانناسی، سایکۆلۆجیا، رووناکبیری) لەمبارەیەوە لەبابەتی بایۆلۆجیادا قەناعەتیان وایە، دەبێ بەشە جیاوازەکانی جەستەی ژن وەکو منداڵدان و سینە بایەخی زیاتریان پێ بدرێ و لەهەر کام لەبەشەکانی تردا رۆڵی ژن دیاری بکرێت، لەبەشی دوومی کتێبی نیتشە و فیمێنیمزمی هاوچەرخ " نوشین شاهیندە دێتە سەر ئەسڵی مەسەلەکە واتا ئەوەی ئایا نیتشە فیمێنیست بووە؟ یان لەکوێ لەگەڵ ئەم فەلسەفەیەو خزمەتی بەم فەلسەفەیە کردوە؟

لەو بارەیەوە نوسەر پێوایە بەو پێیەی زۆربەی فەلسەفە لەلایەن پیاوانەوە نوسراون، ئەوانیش (زیهنیان لەسەروی بەدەن، فەرهەنگیان لەسەرو سروشت، عەقڵیان لەسەرو نا عەقڵانیەت، حەقیقەتیان لەسەروو خەیاڵ، خێریان لەسەرو شەڕەوە) داناوە واتا لەو خاڵەوە کە ژنان سیفەتی ژنانە و دایکانە ژنان هاوشانی (بەدەن، سروشتی ناعەقڵانییەت و خەیاڵ و شەڕە، بۆیە ڕێگا لە ژنان گیراوە.

لەمبارەیەوە دەکرێت بڵێن سەرەڕای رەخنە توندەکانی نیتشە لەژنان کە دواتر باسیان دەکەین، چەند خاڵی بچووك هەن کە وادەکات نیتشەش بخرێتە ئەو ئەجیندەوە، گەرچی فێمینیست نەبوە، بەڵام خزمەتی بە فەلسەفەی فیمێنزم کردوە، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ.

لەمبارەیەوە رەخنەی نیتشە لە بابەتیبون و راستی بە ئاڕاستەی پشتیوانی لەبەهاکانی ژنانە.

نیتشە لەکتێبی (ئارکیۆلۆژیای ئاکار) بەرەخنەگرتنی لەو باڵاییەی کە بە زیهین نەدراوەو بە بەدەن دراوە، لەوێدا کەژنان بە بەدەن جیا دەکرێنەوە، پشتیوانی نیشتە لەم چەمکە بۆ فەلسەفەی فیمێنیزم گرنگە، هەروەها نیتشە ئەو شتانەی کە عەقڵ لە ناعەقڵانییەت بە باڵاتر دەزانن دەخاتە ژێر پرسیارەوە بە بەرهەمی ڕێزمانی دەزانێ ئەمەش دیسان بۆ فەلسەفەی فیمێنیست گرنگە، ئەوەش کەبەدەن جۆش و خرۆشی ناعەقڵانی تایبەتی ژنانە، دیسان مایەی بەها دانانە بۆ ژنان.

خاڵێکی تر زۆر گرنگە، ئەوە دەسەلمێنێت کە نیتشە ڕێکاورێك لەگەڵ خودی فەلسەفەیەکی (سیمۆن دوبۆڤوار)ڕێبەری دیفاع لەمافی ژنان یەکدەگرێتەوە، ئەوەی کە نیتشە "لەدەستدانی غەریزەی ژنانە بەجۆرێك لەناوچون و دواکەوتنی ژن دەزانێت و ئەمەش بەتایبەتمەندیەکی بایۆلۆژی ژنان ناو دەبات کە دەتوانێ هێزیان بداتێ"

دوبۆڤواریش لە (جنسی دووەم)دا دەڵێ" تەنها هێزێ کە ئێمەی ژنان دەتوانین هەمانبێت هێزێکی راستەقینەیە کە تەنها بە قبوڵکردنی ژنێتیمان بەدەست دێت".

واتا هەردووکیان نکۆڵیکردن لە ڕۆڵەکانی سێکس لەرووی بایۆلۆژیەوە بەوە دەزانن نکوڵیکردنە لە ژیان و ناتوانێ ئەو ئازادییە بە ژنان ببەخشێت کە چاوەڕێی دەکەن.

سەبارەت بە رەتکردنەوەی دوالیزمی سێکسی لە روانگەی نیتشەوە دەتوانین بڵێن ئاوهایە یەکەم؛ پیاوان تەنها لەرووی نەریتەوە بە بەهاتر لەژنان ناسێنراون، دووەم پیاوو ژن وەکو مرۆڤ جیاواز نین، بەڵام خوو رەچەڵەکی یەکسانیان هەیە سێیەم، پیاوان و ژنان دژی یەکتر نین، بەڵکو لەگەڵ یەکدا جیاوازیان هەیە چوارەم هەر دوو رەگەز تەسلیمی بنەما لەرادەبەدەر سادەکراوەکانی ئەم بیروبۆچونانە دەبن کە ڕۆڵی دوانەی سێکس و بەهاکانیان جیاوازەو هەر لەم کتێبەدا چەند تێڕوانین تری نیتشە سەبارەت بەژن بەباری پۆزەتیفدا بەرچاو دەکەوێت.

هەر بۆیە نوسەر لەکۆتایی کتێبەکەیدا دەڵێ" نیتشە نە دەتوانێ بەراشکاوی بەدژی ژن لەقەڵەم بدرێت، نەدەشتوانین بە فێمێنستی بزانین، چونکە چەند رەگەز لەنوسینەکانی نیتشە دژی ژنانە. ئەوەندەش رەگەزمان دۆزیەوە کە نیتشە دژی ژن نییە.

بەڵام هیشتا نوسینەکانی نیتشە پێویستیان بە خوێندنەوەی زیاتر هەیە.

---

*** نیتشە و فێمینیزمی هاوچەرخ -نوسینی نوشین شاهندە**
**وەرگێڕانی لەفارسییەوە: محەمەد کەریم**
**لە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**چاپی ٢٠٠٦-ژمارەی لاپەڕە ١٣٠**